# سوکایەتیکردن بە (زاویتەیی) و گلۆپە سورەکان

یەحیا عومەر ڕیشاوی

نامەوێ پاساو بۆ شێوازی گوتاری کەناڵی (ئەلجەزیرە) بهێنمەوە و، هەمووومان وەك هەرکەناڵێکی ڕاگەیاندن سەرنج و تێبینیمان لە سەری هەیە، بەڵام ئەو ڕەفتارە ناشارستانییەی لە یاری نێوان هەولێر و نەجەف ڕۆژی (5/26) لەگەڵ پەیامنێری کەناڵی (ئەلجەزیرە) (ئەحمەد زاوێتی) نوێنرا بە هەموو پێوەرێك مەحکومە و زەنگێکی خەتەر بە ڕووی ئازادیی ڕادەبرین و میدیای ئازاددا لێدەدا.

کەلتوری توندوتیژی و سوکایەتیکردن بە بەرامبەر و کپکردنەوەی دەنگەکانی تر (بە هەر بیانوویەك بێت) کەلتورێکی نەشیاو و قێزەونە و هەمووان بەرپرسیارین لە ڕەتکردنەوە و بێزراندن و وەستاندنی!، کاتێك ئەفسەرێکی ئاسایش ـ کە بریارە پارێزەری ئارامی بێت و وانەکانی یاساپارێزی بە کردار بڵێتەوە ـ ڕێ بە خۆی دەدات ئەوپەڕی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسێك بەکاربهێنێت و بە بێ لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن بە تیرۆریست و گێرەشێوێن تۆمەتباری دەکات، ئیدی چ مانایەك بۆ سەروەریی یاسا و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ئەزموونی دیموکراسی دەمێنێتەوە!؟

ئەو ڕۆحیەتەی کە (ئەو) بە دوژمن سەیر بکات و هاووڵاتی بە تاوانبار تا بەڵگەی بەرائەتی خۆی دێنێتەوە، خۆرەی گشت بەها جوانەکانە و ئەمڕۆ (زاوێتی) سبەینێ گشت ڕۆژنامەنووسان دەگرێتەوە و هەرجارە و بە بیانوویەك دەکەونە گیانی من و تۆ و بە زمانی قۆناغە تفەنگ و قسە پێ وتن دەیان تۆمەت دەخرێتە پاڵمانەوە.

گریمان (ئەحمەد زاوێتی) تاوانبارە و سنووری یاسای شکاندووە، بۆ دەبێ تەنها زمانی سەرکوتکردن و لێدان و سوکایەتی پێکردنی لەگەل پەیرەو بکرێت، ئەوانەی لەو شوێنە هەستیارەدا دادەمەزرێن بریارە لەگەڵ خولەکانی پێگەیاندندا فێری ڕەوشتی بەرز و ڕێزگرتن لە یاسا و پاراستنی حورمەتی هاووڵاتی بکرێن، بۆ فێری ئەوە ناکرێن وێنەیەکی شارستانی پیشانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدەن و هەر بۆ (ڕیاکاری)ش بێت مەدەنییانە لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوەوە و دەرەوەدا ڕەفتار بکەن!؟

بەڵام پێدەچێ ڕۆژنامەنووسی لای ئێمە تەنها لەبەر ئەوەی کوردە و لەم خاك و ئاوە دەخواتەوە هیچ قیمەت و ڕێزێکی نەبێ و بە (کەم) تەماشا بکرێت، دڵنیام ئەگەر لە جێی (زاوێتی) ڕۆژنامەنووسێکی (ئۆبزێرڤەر) یاخود (شینخوا)ی لێ بوایە، بەو شێوازە ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرد و دەستی ڕێز و حورمەتیان بە سینگەوە بۆ دەگرت! جێی خۆیەتی گشت خەمخۆرانی حورمەتی یاسا و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەنگی نارەزایی بەرامبەر بەم ڕەفتارا دزێوانە بەرز بکەنەوە و بۆ خاتری ئەو تۆزە سومعەیەی کە ماوە نەهێڵن کەسانی کینەلەدڵ و گێرەشێوێن ئەزموونی حوکمڕانیمان لەکەدار بکەن و با ئەوەی ماوە نەیدەن بە ئاودا!